ژمارە (٨٦٢) چوارشەممە ٧ی تەمموزی ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی
هەموو چوارشەممەیەک

**کچی ئاراس خۆی گەیاندە پێتەختی دیکتاتۆر، لەجەرگەی پایتەختی کۆماری ئیسلامی سێدارە تێکۆشانی بۆ خەونی ژیانو ئازادی دەکرد، لەو کاتەدا کە دەیخواست هاواری ئازادیی گەلە چەوساوەکەی بدات بە گوێی هەموان**

# کچی ئاراس

## بەبۆنەی چلەی شەهید شیرین عەلەم هولیو هەڤاڵەکانییەوە



**مەلایکە عەلەم هولو**

ئاراسی پڕ لەژیانو خۆشەویستی لە ئاگرییەوە لەدایکبووە، بەڵام ئاراسی چاوگەی ژیانو خۆشەویستی زۆر کات خەمناک کراوە. چارەنووس ئەوەی بەسەردا بڕیوەو ریگای پێنەداوە بەسەربەستی لرفەی لێوە بێت، بۆیە هەموو خۆشەویستییەکانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، تاکو ناحەزان هەست بەکزیی نەکەن. لەگزنگی بەیانیدا ئاگریی دایک، پرشنگی خۆری بینی کە بە ئاراسی وت ئیدی خەمبار مەبە، پرشنگی خۆر زەردە خەنەت بۆ دەکاتو بانگی کچەکانت دەکاتو باری قورسی ئەو هەمو خەمو نهێنییەت لەسەر شان هەڵدەگرن. ئاراس دڵخۆش بوو، بەس هەندێکیش نیگەرانو لە بەرخۆیەوە پرسیی گەلۆ دەتوانم کچەکەم کە ٢٥ ساڵە لەباوەشی خۆمدا گەورەم کردووەو دەیلاوێنەوە وەک پەیامبەری رووناکی بەرەو پرشنگی خۆری بنێرم. نیگەرانم، چونکا سەدان ساڵە دڵم لێوانلێوە لە ژیانو نهێنیەکانی رۆڵەکانمو ئەوەش بارێکی قورسەو دڵم ئازار دەدات. دەمەوێت هاوار بکەم تاکو پرشنگی خۆر بەهانامەوە بێتو لەو بارە قورسە رزگارم بکات. ئاراس ئاوڕێکی لەئاگری سەرکەش دایەوەو وتی "دایە گیان ژیان لەقوڵایی دڵمایەو ژیانو خۆشەویستی ناو دڵیشم نیگەرانە". ئاگری سەرکەش بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد ئاراس لەچی نیگەرانی هەناوت پڕە لە خۆشەویستیو نهێنیی رۆڵەکانی ئەم خاکە، لێوانلێوە لە بۆنو رەنگەکانی ژیان، کە سەرچاوەی ورەو مانەوەو خۆڕاگرییە. سەر بڵند بکەو ورە لە سەربڵندییەکانی دایکو چاوگەکەت وەرگرە.

کچی ئاراس هاواری ئاگریی دایکی بیست، هێدی هێدی هەستاو لەهەناوی خۆشەویستیی ئاراسەوە هاتە دەرەوە، وتی لەمێژە چاوەڕوانی هاوارێکم، سەربڵندم کە رۆڵەی ئاگریو ئاراسم، خۆشەویستیو پەیامو نهێنیەکانتان دەبەم بۆ پرشنگی خۆر، تاکو بارە قورسەکەی سەرشانتان کەم بکەمەوەو هەزاران نهێنینتان ببم بۆ شەیدایانی خۆشەویستیو ئازادی، ئامادەم ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرمو دەنگی کپکراوی سەدان ساڵەتان بگەیەنمە کاروانی خۆر.

کچی ئاراس ماڵئاوایی لە ئاراسی پڕ لە خۆشەویستیو ئاگریی کانگای ئەفسانەو خۆڕاگریی کردو ریگای پرشنگی خۆری گرتەبەر، ئەوەندە رێگای بڕی تاکو گەیشتە بازنەکانی پرشنگی خۆر، زۆر دڵخۆش بوو، بەس جار نەجاریش بیری سۆز و خۆشەویستیی لەبن نەهاتووی ئاراسو ئاگریی دەکرد، ئاخر ئەو کچی ئاراس بوو لە چاوگی ئاگری تێراو بوو بوو، هەزاران چیرۆکی خۆشەویستیی ئاگریو ئاراسی دەزانی، چونکا ئاراس چاوگی سۆز و خۆشەویستیی لەئاگرییەوە وەرگرتبوو، خۆی کردبووە لانکی هەموو سەرکەشکان، هەمویانی تێراو دەکرد، هەمویانی داڵدە دەداو راز و نهێنییەکانی بەیەک دەگەیاندن. بووبووە ژوانگەی رێبوارانی رێگای گەیشتن بە خۆر.

کچی ئاراس پەیمانی بەخۆی دابوو کە پەیامی خۆشەویستیو ئازادیو نهێنیەکانی ئاراسو ئاگری بگەیەنێتە کاروانی خۆر، ئەو کانگایە بووبووە هەوێنی دڵو جەستەی کچی ئاراسو چەند ساڵێک بوو پشکوتبوو. کچی ئاراس لە لای پرشنگی خۆر دەستیکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاراسو ئاگری، باسی ژیانو خۆشەویستیو نهێنییەکانی ئاگری سەرکەشو داڵدەدانەکانی ئاراسی بۆ دەکردن، باسی خۆڕاگریو سۆز و هەستی رەنگاڵەیی ئاراسی دەکرد، بە پرشنگی خۆری وت "من هەڵگری پەیامەکانی خۆشەویستیو سۆزی ئاراسم بۆ ئێوە". پرشنگی خۆر لەکچی ئاراسی پرسی: پەیامبەری ئازادیو خۆشەویستی ناوت چییە، کچی ئاراس وتی "ناوم وەک سەرکەشەکانی دیکە شیرینەو لەناو شەیدایانی ئازادیدا بە رووناهی روکەن ناسراوم". پرشنگی خۆر بە کچی ئاراسی وت "وەک هەموو سەرکەشەکانی دیکەی ئاراسو ئاگرییت، دەزانم چەند لێبوردوانە فەداکاریت کردووە تاکو لەنزیکەوە هەست بە رووناکیی خۆر و گەرمای پرشنگی خۆر بکەیت، دەزانم سەرکەشیەکەت بە ئەندازەی ئاگری بڵندەو بە ئەندازەی ئاراس دور و درێژ، ئەوەی رووناکیی خۆری بینی بێتو گەیشتبێتە پرشنگی خۆر قەت ئۆقرە ناگرێت، بۆیە بە قەدەر گەورەیی خۆر و بە ئەندازەی روناکیی پرشنگەکانی خۆر و بە ئەندازەی خەندەی رێبوارنی کاروانی خۆر پێت دەڵێم بەخێر بێیت."

کچی ئاراس بەنیگای پڕ لەئومێدو بزەی خۆشەویستییەوە وتی "گەرمای رووناکیی خۆر جەستەو هەناومی گەشاندووەتەوە، ئەمەوێت پەیامی سەرکەشی، ئازادیو خۆشەویستیی ئاراس، ئاگریو کاروانی خۆر بدەم بەگوێی هەموو شاخو شار و گوندو رێبوراێکدا". کچە شیرینەکەی ئاراسو پەیامبەر خەندە لەرووەکەی ئاگریو رووناکیی پرشنگی خۆر رووی کردە شاهۆ. شیرینە شەیدا لەسەر و سەرکەشەکەی ئاراس لە دوندی شاهۆ پەیامی ئازادیو ئاسۆی ژیانی ئازادو بەختەوەرانەی گەیاندە کرماشان، سنە، مەریوان، هەورامان، رەوانسەر، جوانرۆ، پاوەو کامیاران....

شیرین لەپەیامەکەیدا باسی ئەوەیکرد کە ئاگری زۆر بەتامەزرۆییەوە باسی شاهۆی بۆ ئاراس کردووەو چەندین جار حەیرانی بۆ شاهۆ چڕیوەو زۆر جار رۆڵە شەیدا سەرکەشەکانی بەلای لایەی شاهۆ حەواندوەتەوە، ئاگری هەمیشە وتویەتی لەمێژە لەشاهۆوە کۆتری ئاشتیو ئازادیم بۆ نەهاتووە، زۆر بیری رۆڵەکانی شاهۆ و بنارەکەی دەکەم، ئارەزمە جارێکی دیکەش رۆڵەکانی شاهۆ بێنە سەر لوتکە ئاگریو لەئاگرییەوە بانگی ئازادی بەگوێی هەموو جیهاندا بدەن، خۆ ئەگەریش بتوانم چەند تەوقێکی دیکەی گەردنم بپسێنم ئەوا باشترین رۆڵەی بنارەکەی خۆم دەنێرم بۆ شاهۆ، بۆ لای کۆسەی هەجیجو پیر شالیار. شیرینی روو لەخەندەی ئاراس وتی "شاهۆ، قەڵای جوامێران ئەوە من رۆڵەی بناری ئاگریو پێدەشتە پڕ لەخۆشەویستییەکانی ئاگریمو سۆز و ئەوینی لەبن نەهاتووی ئاراسم بۆ هێناون". شاهۆ لەتریقەی شاگەشکەدا بوو، وەک بڵێیت خەونی ساڵەهای ساڵی هاتبێتە دی، بە کچی ئاراسی وت "منیش وەک ئاگری لەمێژە سیاچەمانەی ئازادیو زەردەشت دەچڕمو لاوکی خۆشەویستی بۆ ئاگریو رۆڵە سەرکێشو دەستەمۆ نەکراوەکانی دەڵێم، بۆیە بەخێر بێیت بۆ لانکی زەردەشتو خواوەندەکانی ئازادی."

کچی ئاراس بزەی سەر لێوی کەم نەدەبوو، ئاسۆی ئومێدی بۆ ئازادیی وڵاتەکەی هیچ سنوورێکی نەدەناسی. پاش ماوەیەک لەسەر لوتکەی شاهۆ باسی ئەوەی بۆ هەڤاڵە سەرکێشەکانی کرد، کە من لەوە زیاتر ئۆقرە ناگرمو ناتوام چاوەڕوان بم لمۆزی دیکتاتۆری هەناسە لەبەر وڵاتەکەم بستێنێت. ئەمەوێت پەیامی ئازادیمان بگەینمە ئەو شوێنەی کە گوێی لەئاست ئازادیدا کەڕ بووەو چاوی بە ئاسوودەیمان هەڵنایەت. هاوڕێکانم هەر رێگایەکی ئەم شاهۆوە پۆنگ خواردوەی ئازادی بە یەکێکتان دەسپێرمو ئەڕۆم هاواری ئازادیو خۆشەویستیی ئاگری، ئاراس، قەندیلو شاهۆ بەجیهاندا بڵاوبکەمەوە، چونکا من ئەم کچەم کە هەڵگری پەیامی مێژووە لەبیرکراوەکەی ژیانم. کچی ئاراس خۆی گەیاندە پێتەختی دیکتاتۆر، لەجەرگەی پایتەختی کۆماری ئیسلامی سێدارە تێکۆشانی بۆ خەونی ژیانو ئازادی دەکرد، لەو کاتەدا کە دەیخواست هاواری ئازادیی گەلە چەوساوەکەی بدات بە گوێی هەمواندا، دەستی رەشی دیکتاتۆریو دواکەوتویی و دوژمنی ئازادی کچی ئاراسی تەوق کرد، پیاوە زاڵمە ئەشکەنجەگەرەکانی دیکتاتۆر لەو خەیاڵەدا بوون، کە دەتوانن کچی ئاراس لەخشتە ببەن، بەس نەیانزانی تەنها دەبێت شەش مانگ هەموو داموو دەزگاکەیان لەکاردا بێت تاکو بزانن ناوی کچەکەی ئاراس چییە.

کیژۆڵەی ئاراس، نەوەی ئاگریو پەروەردەکراوی قەندیلو نێردراوی دوندی شاهۆ بەخۆڕاگرییەکەی، بەمانگرتنەکەی، بەکۆڵنەدانەکەی دوژمن لەئاستی دەستەوەستان ما، شێوازە کۆنو ساویلکانەکەی پێشوویان گرتەبەر و دەستیانکردبووە بەلێندان، شێوازی تاڵو شیرین، شێوازی هەڕەشەو هاندان، بەس نەیانزانی کیژی خواوەندی ئازادی لەمێژە لەداوێنی ئاگریدا فێری ئەوە بووە کە دوژمنەکانی چەند درۆزنو بەستەزمانن، لەمێژە پەروەردەی ئەوەی بینیوە کە هەرگیز مل بە دوژمنان نەداتو لەمێژەی ماڵئاوایی لەمێژووی سەردانەواندنو خۆبەدەستەوەدان کردووە.

کاتێک پیاوەکانی سیستمی سێدارەی ئیسلامی زانییان سەری هەموو شێوازەکانیان بۆ پاشگەزبوونەوەی کچی ئاراس داویەتی لەبەرد، بڕیاری سێدارەیان بەسەردا سەپاند. ئەو سیستمە زەبلاحە، ترسنۆکانە کاژێر نۆ پەنجا دەقەی شەوی یەکشەممە ٢٠١٠/٥/٩ بانگیان کردو وتیان وەرە ناوی باوکت بەهەڵە پێگوتوین، ئەهریمەنەکانی ئەشکەنجە کە پارە بۆ کوشتنو ئەشکەنجەی رۆڵەکانی کاروانی خۆر وەردەگرن نەیانوێرا پێی بڵێن بۆ دواجار ماڵئاوایی لەهاوژوورەکانو دایکو کەسوکارەکەت بکە، وایان دەزانی بەو کارەیان دەتوانن دەنگی کچی ئاراس کپ بکەن، بەس نا، بەرە بەیانی رۆژی نۆی مانگ لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەخوێندنەوەی سرودی ئەی رەقیب ریگای نەدا دەنگی کپ بکەن، لەدواین ساتەکانی ژیانیدا بەدەم ئەی رەقیبەوە ماڵئاوایی لەئاراس، ئاگری، قەندیلو شاهۆ کرد. لەگەڵ ماڵئاوایی کردنی لەژیان هەموو جیهان بانگی ئازادیخوازیی کچەکەی ئاراسی بیستو بەسەدان هەزار رێبواری رێگاکەی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، بەماڵئاوایکردنی لەژیان لاپەڕەیەکی نوێی شۆڕشی رزگاریی بۆ گەلەکەی تۆمار کرد.

---

# فرمێسکی تیمساح....

## سەرەتا لەسێدارەی دەدەن دوایی رێگا بەیادکردنەوەی دەدەن!

**ئا: ئاڵای ئازادی**

حکومەتی تورکیا رێگایدا لەساڵرۆژی لەسێدارەدانی (شێخ سەعیدی پیران)دا چەندین کۆبوونەوە رێکبخرێت.

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا، رۆژی رابردوو لەهەشتاو چوارەمین ساڵرۆژی لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیراندا خەڵکی دیاربەکرو پارتو رێکخراوە مەدەنیەکانی ئەو شارە لەشوێنی لەسێدارەدانی (شێخ سەعید) کۆبوونەوەی جەماوەرییان رێکخستووەو یادیان کردۆتەوە.

لەکۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن پارتی ئاشتیو دیموکراسیەوە رێکخرابوو چەند نەوەیەکی (شێخ سەعید)یش ئامادەبوونو لەمیانی پێشکەشکردنی وتەکانیاندا ئاماژەیان بەوە کرد کە هێشتا شوێنی گۆڕی باپیریان نازانن و داواشیان لەحکومەتی تورکیا کرد، شوێنی ناشتنی (شێخ سەعیدی پیران) ئاشکرا بکرێت.



شیاوی باسە (شێخ سەعیدی پیران) ساڵی ١٩٢٥ لە دەوروبەری دیاربەکر دژی کۆماری تورکیا سەریهەڵدا، بەڵام دوای ماوەیەک ئەو سەرهەڵدانە لەلایەن سوپای تورکیاوە سەرکوتکراو شێخ سەعیدیش لە ٢٩ حوزەیرانی هەمان ساڵدا لەسێدارەدرا.

ماوەیەک بەر لەئێستاش کاتێ یەکێک لە بەرپرسانی پارتی گەلی کۆماری بەناوی ئونور ئویمەن قەتڵو عامەکەی دێرسمو کوشتنی سەید رەزای دێرسیمی بەرەوا زانیبو، نارەزاییەکی توندی لێکەوتەوەو بەرپرسانی حکومەتیش ناچارمان لەدژی ئویمەن قسە بکەن.